کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 30-10-2007 20:35

**ڕۆشنبیرانی کورد دەبابە پان دەکەنەوە ... حەیدەر جەمیل**



لە وڵاتی ئێمە ناکۆکی لەسەر هەموو شتێك وجودی هەیە، کە زۆرجار بووە ئەو ناکۆکیانە نەهامەتی گەورەیان بۆ کورد بەرهەم هێناوە، خۆشبەختانە ئەمجارە لەگەڵ هەڕەشەکانی تورکیا یەکدەنگێکی بێ وێنە دەست کەوتەوە، لەوەیان هەموومان لەسەر ئەوە کۆکین کە پارێزگاری لە خاکی وڵات بکەین و نەهێڵین ئەزموونی ناتەواوی کوردی تەواو ببێ و بەرەوە نەمان بچێ.

بەڵام ئەوەی من دەمەوێ لێرەوە قسەیەکی لەسەر بکەم زمانی هەندێ ڕۆشنبیری کوردە لەمەڕ ئەو ئەزمەیە، کە ئەو زمانە خۆی لە دونیایەك ئەزمە دەدۆزێتەوە، ئەویش نەبوونی ڕوئیای ڕۆشنبیریبوونە و هەروەك تێکەڵ بوونە بە خووی شاخی و شۆڕشگێری، بە حیسابی ئەو هێندە ڕۆشنبیرانانە بێت پێشمەرگە هیچ ئیشیان نابێت، چونکە ئەوانە هەموویان چەك هەڵدەگرن و ڕوبەڕووی دەبابەکانی تورکیا دەبنەوە، وەك بڵێی هەموویان چەندین خولی عەسکەریان دیوە و شارەزان لەو شەڕانە، هەروەك لێرە و لەوێ وەك شیکەرەوەی سیاسی گوتاری سەرکردەکان چەند جارە دووبارە دەکەنەوە، ئەمەش بە ئیزافاتێکی کەم و کرچ و کاڵ، کە وابزانم لەوەش دەیانەوێ سیاسییەکان بێ ئیش بکەن و، جێگای ئەوانیش بگرنەوە.

ئەو ئەزمەیەی ئەمڕۆکە ڕۆشنبیری کورد تێیکەوتوە بە تەنها دەرئەنجامی هەڕەشەکانی تورکیا نین، بەڵکو هەموو جارێ لەگەڵ هەر کێشەیەکدا ئەو دۆخە دووبارە دەبێتەوە، ئەوان دەخوازن کورد لە بەغدا نەبێت، چونکە مالیکی قسەیەکی بێ دڵی ئەوانی کردیە، هەروەك دەیانەوێ حکومەتی هەرێم وەکو چۆن تورکیا لەسەر بوونی پەکەکە لە کوردستان چاومان لی سوور دەکاتەوە ئاواش ئێمەی کورد چاو لە ئێران سوور بکەینەوە، چونکە دالدەی کەتئیبەکانی قاعیدە دەدات و هەڕەشە لە شارۆچکە سەر سنوورییەکان دەکەن، ڕۆشنبیری کورد دەخوازێ ماددەی (7) ی دەستووری هەرێم نەمێنێت، تا دونیا بڵێت ئەوانە ڕوویان لە عیلمانییەتە، ئەگەرچی زۆرینەی خەڵکیش دەستبەرداری ئەو ماددەیە نەبێت.

بەداخەوە لە جیاتی ئەوەی ڕۆشنبیری کورد بەدوای وێستگەکانی لێکگەیشتنی شارستانی و مەدەنی لەگەڵ ڕۆشنبیرانی تورکیا یاخود ئێران بگەڕێت، خەریکی تۆخکردنەوەی گوتارە شۆڤێنییەکانە و بەدوای گەرمکردنی کەوانەکانی شەڕ دەڕوات، کە هیچ دەرفەت بۆ گفتوگۆ و لێکگەیشتن ناهێڵێتەوە، گرنگە ئاماژە بەوە بدەین بە پێچەوانەوەی هەموو دونیا، سیاسییەکانی کورد کراوەترن لە ڕۆشنبیرانی.

وابەستەبوونی ڕۆشنبیری کورد بەو زمانە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە تا ئێستا ئەو مەخلوقە لەسەر پێی خۆی نەوەستاوە، بەمەش نابێتە کارێکتەری گرنگ لە کۆمەڵگادا تا لەڕووی ئایدۆلۆژیەوە سەربەخۆ و ئازاد نەبێت.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.